https://doi.org/10.26682/hjuod.2023.26.1.70
گوڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا: 26، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 1155-1164، 2022

# جیهانگەرایی رۆشنبیری وسرینەوەی كلتووری تاكەكەسی لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا (دەڤەری بادینان 2010-2020)بەنموونەی شیعری ـمحسن قوچان و شكری شەهباز

هاڤین سعید خدر و محمد بكر محمد

پشكا زمانێ كوردی، كۆلیژا پەروەردە، زانكۆیاسەلاحەددین، هەرێما كوردستانێ-عیراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەكولینێ: 1 شواتێ، 2023 ، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 19 ئادارێ، 2023 ))*

**پۆختە**

لەم تۆژینەوەیەدا رەنگدانەوەی جیهانگەرایی روشنبیری و سرینەوەی كلتووری تاكەكەسی لەناو شیعرەكانی(موحسن قوچان و شوكری شەهباز)لە نێوان ساڵەكانی (2010-2020)هاتووتە باسكرن.جیهانگەرایی پرۆسەیەكە كە مرۆڤایەتی بە یەك شێوازی دەربرین و خوێندن و جلو بەرگ و دابونەریت بگەیەنیت.جیهانگەرایی روشنبیری كردەوەیەكی روشنبیرییە كە كار لە خودی تاك و مللەتان دەكات،وگوتارێكە ئارستەی میللەتانی جیهان دەكرێت،وناوەروكەكەی بانگەشە بۆ بوار فراوانكردنی روشنبیری ناكات،وهەروەها بریتی یە لە تەوابوونی هاوسەنگی روشنبیری لە نێوان مللەتاندا ئەمە روشنبیریەكانی مللەتان دەپارێزێت و دانیان پێدادەنێت.

سرینەوەی كەلتووری ناوچەیی دەبێتە ئامراز و ناوەروكی جیهانگەرایی روشنبیری كە كەلتووری تەكنەلوژیا و ئەلیكترونی ئامرازێكی تری ئەمەن،كە پرۆگرام و هزرو دیدو بۆچوونی ئەدەبی و رێباز ،مێتودە رەخنەییەكان بخاتە ژێر ركێڤی خویەوە.سرینەوەی بنەماكانی كلتووری تاكەكەسی لە شیعرەكانی ئەم هەردوو شاعیرەدا(موحسین قوچان و شوكری شەهباز)لە چەند بابەتێكەوە خوی دەبینێت،وەك:زاڵبوونی حەزە تاكەكەسیەكان،و دژە كلتوور،لاوازبوونی پەروەردەی خێزان ،سستی هاوكاری و رێزلێگرتن،وچەند بابەتێكی تر.هەروەها باس لەو تەكنیكە هونەریانە دەكەین كە ئەوان بەكارییان هێناوە و چوون كلتوورە ناوچەییەكان پشت گوێ دەخرێن و ناسنامەی نیشتیمانی تاكەكەسی دەسرێنەوە.

***كلیلە وشەكان:*** جیهانگەرایی،جیهانگەرایی روشنبیری، سرینەوەی كلتووری تاكەكەسی

## پێشەكی

شایەنی سەرنجە لێكۆلینەوە و نووسین لە سەر جیهانگەرایی كارێكی ئاسان نییە، چونكە ئەمە چۆتە ناو زوربەی جومگەكانی ژیانەوە بە تایبەت ئەگەر لێكۆلینەوەكە دەربارەی جیهانی شیعر بێت و بابەتەكە زیاتر بارگران و قورستردەبێت، كاتێك بچێتە ناو جیهانی شاعیرانەوە و پشكنین لە هەموو سوچ و كەلەبەرێكی ئەم جیهانە بكەین، سەرەرای ئەمە ئەگەر لێكۆلینەوە پەیوەست بكەین بە شیعری قوناغەكانەوە و لە زۆربەی لایەنەكانی شیعر و قوناغەكانی بكەین.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوە ددەین كە توێژینەوەكەمان لە سەر یەكێك لە بنەماكانی جیهانگەرایی رۆشنبیری بكەین، سرینەوەی كلتووری تاكەكەسی لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا (دەڤەری بادینان 2010-2020)بەنموونەی شیعری ـمحسن قوچان و شكری شەهبازوەردەگرین و باس لەو تەكنیكە هونەریانە دەكەین كە ئەوان بەكاریان هێناوە و چۆن كەلتورە ناوچەییەكان پشت گوێ دەخرێن و ناسنامەی نیشتیمانی دەسڕنەوە.

شایەنی باسە لەم توێژینەوەیەدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانە دەكەوین، كە ئایە شیعرەكانی شاعیرانی ئەم قوناغە گوتارێكن دژ بە جیهانگەرایی، یاخود لە گەڵ ئەو جیهانگەراییە ئەرێنیە هاوشانن كە بۆ مەبەستی گەشەكردنی شارستانیەتن و كۆمەڵگا بەرەو پێش دەبەن، هەروەها ئایا كۆمەڵگاكە لە سەر بنەمای كرانەوە دەگەشێتەوە؟

شایەنی باسە ئاماژە بەوە بدەین، كە هەر كۆمەڵگایەك لە ڕووی پێكهاتەوە سێ ئاستی سەرەكی تێدا سەقامگیرە، كە بریتین لە (ئاستی گشتی، تایبەت، تاكەكەس)ی، هەر بە پێی ئەم پێكهاتەیە دەتوانین دیسانەوە كلتور دابەش بكەین بۆ كلتوری (گشتی، تایبەت، تاكەكەس)ی، بۆ ئەوەی زیاتر ئەمانە واتە ئاستەكان ڕوون بكەینەوە هەر یەكیان بە جودا خوێندنەوەیان بۆ دەكەین و تێدا ڕەچاوی رەنگدانەوەی دیاردەی سڕینەوەی كلتوری تاكەكەسی لە سەردەمی جیهانگەراییدا شرۆڤەدەكەین.

## بەشی یەكەم:1-بنەما و رەهەندەكانی جیهانگەرایی

1-1-چەمكی جیهانگەرایی:

جیهانگەرایی ئەو وشە سیحراویەیە، كە جیهانی بەخۆوە سەرقالیكردووە. لە چەرخی رابردوودا و لە سەرەتای نەوەتەكانەوەو تا ئێستا بووە بە دیاردەیەك و توانیویەتی بچێتە ناو جەرگەی بوارەكانی ژیانی هاوچەرخەوە لە ڕووی هزر و رۆشنبیری و زانستی و ئابووری و... هتد، هەروەها گەلێك دیالۆك و پرسیار و گەنگەشەی بە خۆ وەرگرتووە. لە بواری كارەكیدا ئەمە وەك راستییەك قبوڵكراوبێت، یان رەتكردنەوەی هەبێت بوونی هەیە، دیسانەوە ملكەچی ببن، یان دژی راوەستین، یان لە گەڵیدا بڕۆین و بەشداری لە گەڵدا بكەین، یان بە هێوەری و ترس رەفتاری لە گەڵدا بكەین. (العانی،

2009: 27)، ئەو بۆچوونەی، کە لە سەرەوە خراوەتە ڕوو، تاکو ئێستا جێگای مشتومر و گەنگەشەیە و وەستانی بۆ نییە ئەمە نەك لە ناو ئێمەدا، بەڵکو لە سەر ئاستی جیهاندا بەردەوامە.

زۆرینەی ئەوانەی، کە بابەتی جیهانگەراییان بەلاوە گرنگە ئەو دەڵێن، کە ئەم زاراوەیە لە گەڵ ئەوە، کە نوێییە، بەڵام لە سالانی شەستەکانەوە لە ناو ئەدەبی ئەکادیمی و مللیەوە سەری هەڵداوە و لە سالانی ئەو کاتدا و بە هۆی زۆری بەکارهێنانیەوە باو بووە و لە سەردەمی نوێدا بۆتە زانستێك و بە تایبەت پاش ڕوخاندنی دیواری بەرلین (1989) و نەمانی یەکێتی سۆڤیەت و دابەش بوونی ئەمە زیاتر برەوی پێدراوە (عبدالله، 1999: 39).

شایەنی باسە لێرەدا چەمکی جیهانگەرایی لە بەر ئەوەی نەگونجاندنێن لە نێوان تیۆری و واقعیدا بەرپا دەکات بە تەم و مژاوی و ئالۆزی وەسف دەکرێت، ئەگەر جیهانگەرایی ئاماژەکاریەك بێت بۆ کۆمەڵێکی گەشەسەندن کە لە دوای شەری ساردا پەیدابووە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە سنور لە نێوان وڵاتانی جیهاندا نەهێلێت – ئەم بابەتە بۆتە ئەمری واقعی – بەڵام لایەنە تیۆریەکەی لە گەڵ ئەو گەشەسەندن و گۆرانکاریانە نەرۆیشتووە، کە ئەمە بوارێکی فراوانی بۆ هەندێك لە وڵاتە زلهێزەکان رەخساندوە، کە بریار بە سەر کاروانی جیهانگەرایی بسەپێنن و بە ئارەزوی خۆیان زاراوە بۆ جیهانگەرایی دابنێن (تومی، 2009: 8).

جیهانگەرایی یەکێکە لەو دیاردانەی کە پەیوەندن بە سیستەمی جیهانی نوێوە، کە سەرەتاکانی بۆ کۆتاییەکانی چەرخی بیستەم دەگەرێتەوە، چەمکی دیاردەکە لەوە بوو، کە (گرنگییەکی گەورەی لە ناو گۆرەپانی نێو دەولەتی لە هەموو ئاستەکانی ئەکادیمی و رامیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری هەبووە، هەروەها ئاستی دەزگاکانی راگەیاندن و رای گشتی بە خۆوە گرتووە) (أيمن، 2012: 21). لەبەر ئەم گرنگی پێدانە دیاردەکە توێژینەوەی فراوانی بەخۆوە گرتووە. سەرەرای ئەمە چەمکی جیهانگەرایی رەواجێکی گەورەی بەخۆوە دیت، بە تایبەت لە گۆرەپانی جیهاندا و ژمارەیەکی زۆری بیرمەند و توێژەر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا باسیان لێدەکرد وەك؛ کۆمەڵناس، رامیارکار، ڕۆشنبیر ... هتد.

دارشتنی پێناسەیەکی هەمەلایەن و ڕوون بۆ ئەم دیاردەیە کارێکی قورسە، چونکە فرە رەهەندی بەخۆوە گرتووە، سەرباری ئەوەی کە لێکۆلەر و توێژەرەکان پێنایەب جیاوازیان لر دارشتووە، بە واتایەکی تر جیاوازی و هاودژی لە دیاریکردنی پێناسەکاندا دەبینرێت، کە پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ دانەنراوە، چونکە (زاراوەیەکە لە ناو مێشکی زۆربەی کەسەکان شاراوەیە و زاراوەیەکی زمانی و فەرهەنگی نییە، کە بتوانین بە ئاسانی پێناسەی بۆ دابنێین، سەرەرای ئەمەش چەمکێکە زۆر بە قووڵی چووەتە ناو هەموو ئەو ئاراستانەی کە وەسفی جولەی گۆرانکارییە بەردەوامەکان دەکات) (یاسین، 2001: 39).

ئەو راستییەی کە پێویستە بیزانین ئەوەیە، کە چەمکەکە دوو دڵی لە ناو ناخی مرۆڤدا دروست دەکات، (ئەم زاراوەیە هەتاکو سەرەتاکانی نەوەتەکانی چەرخی بیستەم بە شێوە زمانییەکەی، ئینگلیزی، فەرەنسی، یان بە وەرگێرانی عەرەبی، کوردی، بوونی نەبووە) (عبدالرحیم، 2002: 122).

سەرەتای پەیدابوونی جیهانگەرایی لە ئەمریکا سەری هەڵداوە بە واتای (گشتاندنی شەتان و فراوانکردنی بازنەکەی تاوەکو گشت بکرێتەوە، واتە جیهان بکەتە یەك جیهان بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە یەك ئاراستەی هەبێت و لە ناو چوارچێوەی یەك شارستانیەتدا کۆببێتەوە، لەبەر ئەمە دەتوانین بە (گەردوونی، یان هەمسارەیی) ناوزەدی بکەرێت) (الرقیب، ؟: 5 – 6). چێی ئاماژەیە هەر یەك لە (بولدین داڤیس و ئولێڤەر رایزەر – **Boldwin Davies and Oliver Rayzer**)، بە یەکەم کەسانێك دەژمێردرێن لە بەکارهێنانی کاری بەجیهانیبوون – **to globalization**.

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە گەردوون وەك یەك یەکە تەماشا دەکرێت، کە بە یەکەوە گرێدراون، هەروەها نزیکبوونە لە نێوان ڕۆشنبیران و شارستانیەکان و بە یەکیان دەگەیەنێت (عویشە، 2013: 4)، شایەنی سەرنجە جیهانگەرایی بە پرۆژەی سیاسی ئەمریکا لە ناو قۆناغی دوای شەری ساردەوە گرێدراوە، ئەم چەندە لە لایەن لێکۆلەر (پۆل فابرا – Paul Fabra) لە وتارێکی، کە لە رۆژنامەی (le mmonda) لە 30/ 9/ 1961 باسی لێکردوە کە (دیالۆگەکانی جۆرج کێندی لە 4/ 5/ 1962 بانگەشەی بۆ دەکات) (عویشە، 2013: 6)، سەرەرای ئەمە چەمکی جیهانگەرایی لە (فەرهەنگی جیهانی نوێدا)، کە (ویبیستەر -) داینەوە دەڵێت (جیهانگەرایی ization وەرگرتنی شتەکانە بە بەرگێکی نوێوە) ( Webster, 1991: 533).

شایەنی باسە لە ناو ئینسكلۆپیدیایی ( world English Dictionary Ecart)، کە دکتورە ( Anna Soukhanov) سەرپەرشتی کردووە بەم شێوەیە باسی لێدەکات، کە (جیهانگەرایی ئەو پرۆسەیە، کە بواری ئابووری رەهەندێکی جیهانیی وەردەگرێت) (راشد، 2002: 32)

وشەی جیهانگەرایی لە (گوندی گەردوونی - **global Village**)، کە (مارشاڵ ماکلوهان – **Marshall Makluham**) لە کۆتایی شەستەکانی چەرخی رابردوو هاتووە، کە داکۆکی (بە دیدی کەمکردنەوەی خێرایی و کەمکردنەوەی مەودای جوگرافییە بە مەرەمی جوولەی خێرایی زانیاری لە سەر گۆی زەمین بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە هەر گۆرانکارییێك، یان رووداوێك، یان هەر بابەتێکی هەستیار لە هەر کوێیەکی هەسارەی زەمین ڕووبدات، هەموو دانیشتووانی لە هەر جێگا و وڵاتێك بن ئاگاداری لێبکرێتەوە، ئەمە پەیوەندی بە گۆرانکاری کات و شوێنەوە هەیە (محسن، 2008: 12). ئەم گۆرانکارییە تێگەیشتنێکی نوێیە بۆ مرۆڤ، کە وزەی نوێ بۆ ڤالاکردنی بوارەکانی ژیان، کە تا ئەم سەردەمە نە بیستوویەتی و نەگوێی لێبووە.

1-2-رەگەزەکانی جیهانگەرایی:

زوربەی نووسەران لە سەر چوار رەگەزی سەرەکی بۆ سەرهەلدان و دەرکەوتنی شەپۆلی جیهانگەرایی کۆکن، کە ئەمانەن:

**1 – ئازادکردنی بازاری نێودەولەتی**

مەبەست ئەوەیە، کە ئابووری پێشکەوتوو و پاشکەوتوو لە ناو یەك بازاری جیهاندا یەکتر تەواوبکەن و ئەم بازارە بۆ هەموو هێزە ئابوورییەکانی جیهان لە ژێر بنەمای رکابەری ئازاد بن (محمدی، 2018: 63).

**2 – هاتن بە یەکسەری وەبەرهێنانی بیانی**

(ئازادبوونی بازاری دارایی جیهانی لە بەربەستەکانی و دروست بوونی شۆرشی جیهانی پەیوەندیکردن لە ئەنجامی ئامرازە تەکنەلۆژییە نویەکان) (تومی، 2009: 71)، ئەم دوو لایەنە بوونە هۆکار بۆ گۆرینی چالاکی بانکە کلاسییەکان بۆ بانکی هەمە لایەنە، کە داهاتەکانیان بە ئەو باج و پارانە، کە لە رێکەوتنە وەبەرهێنانەکان دەبەستن دێنە دەستیان.

**3 – شۆرشی زانیاری:**

پێشكەوتنی تەكنەلوژیا و زانست ئەم رەگەزەی بنیات ناوە، كە بۆتە هۆكارێك بۆ تێكەڵبوونی جیهان و جوولەی پارە و كاڵا و خزمەتگوزاری كەسەكان ئاسان بكات.

**4 – بەهێزبوونی رۆڵی كومپانیا فرە رەگەزەكان**

ئەمە بە هۆكارێكی گرنگی جیهانگەرایی دادەنرێت، چونكە كومپانیا فرە رەگەزەكان لە لایەن ولاتەكانیانەوە بە شێوەیەكی بەهێز پشتگیری دەكرێن، ئەمانە رۆڵێكی كاریگەر لە چالاكی و جموجوڵی بازرگانی جیهانی دەگێرن، چونكە ئەمان سوود لەو جیاوازیانە وەردەگرن كە لە نێوان ولاتەكاندا دروست بووە (Berberogulu, 2003: 48). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، كە جیهانگەرایی بەهۆی ئەو پلانە پێش وەختە دارێژراوە بە خێرایی بڵاو بێتەوە، كە لە لایەن وڵاتە زلهێزەكانەوە بۆی دارێژراوە، سەرەرای ئەمە دامەزراندنی (رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و بانكی نێودەوڵەتی و رزگاركردنی بازاری ئازاد و كرانەوەی دەرگاكانی لە نێوان دەوڵەتەكاندا ئەمانە هەموویان لایەنێكی تری بڵاوبوونەوەی جیهانگەرایی بوون و سەرباری ئەمە (رێككەوتننامەی گشتی لە سەر باجە گومركییەكان دیسانەوە هۆكارێكی تر بوون) (الحافظ، 2005: 96).

شایەنی باسە ئەوی، كە باسكرا هەموویان هۆكاری سەرەكی بوون بۆ جیهانگەرایی و ئەمانە سێ رەگەزی سەرەكی دروست دەكەن وەك:

**1 – گشتاندنی سەرمایەداری**

سەركەوتنی سەرمایەداری بەسەر ماركسیەكاندا بووە ئەگەری بڵاوبوونەوەی پرنسیپەكانی بە سەر هەموو كۆمەڵگاكاندا وەك، بازاری ئازاد، بەهای بازار، كرانەوەی ئابووری، گۆرینەوەی بازرگانی، گواستنەوەی كاڵا و سەرمایە، تەكنیكەكانی بەهەمهێنان و كەسەكان و زانیاریەكان، ئەمانە هەمووی لە ناو كۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بهایەكی باویان پەیداكر (شومان، غريفه، 2001: 187). ئەمانە هەمویان بە رێگای دەزگایی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بوون.

**2 – جەمسەری یەكانە:**

پاش نەمانی و كەوتنی یەكێتی سۆڤیەتی جاران و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی، ئەمریكا بە تەنیا سەركێشی جیهانی بەدەستەوە گرت، ئەم جەمسەرە یەكانیەیە بە سەر هەموو بارەكانی ئابووری و رۆشنبیری و كۆمەلایەتییە جێگای لەم رووەوە بووە جێگای مەترسییەكی گەورە.

**3 – شۆرشی تەكنەلۆژی و زانیارییەكان**

مرۆڤایەتی بە چەندین شۆرشی زانستی تێپەریووە، وەك؛ شۆرشی (هەڵم) و ئەلیكترۆنی تا وەكو قوناغ دەگاتە شۆرشی زانستی تەكنەلۆژی بە تایبەتی ئەو پەرەسەندنە سەرسامانە كە لە ناو جیهانی كومپیوتەردا روویدا، كە لە كاتی ئێستادا بە رێگایەوە دەتوانرێت دوو ملیار پرۆسە لە یەك چركەدا ئەنجام بدات، كە پێش ئەمە لە تواناداا نەبوو ئەم پرۆسەیە بە ئەو كورتە ماوەیە ئەنجام بدرێت.

سەرەرای ئەمە پەرەسەندنی تەكنەلۆژیای زانیاری و گەیاندندا، كە بواری بۆ وڵاتان و تاكەكەسەكان رەخساند، كە پەیوەندییەكی بێسنور دروست بكەن و هەموو بەرهەمەكانی تەكنەلۆژیا وەكو، فاكس و وێستگەی رادیۆ و كەناڵە تەلەفزیۆنیەكانی لۆكاڵی و ئاسمانی رۆڵێكی تری بەرچاویان لەم بوارەدا هەبووە.

1-3-پێناسەی جیهانگەرایی رۆشنبیری.

زاراوەی جیهانگەرایی رۆشنبیری لە دوو بێژە پێكهاتووە؛ جیهانگەرایی لە گەڵ رۆشنبیری، بۆ ئەوەی لەم مەبەستە بگەین پێویستە هەریەكێك لەم بێژانە بخەینە روو، بۆ روونكردنەوەی ئەمە لە سەرەتا و ناوەندی ئەم بەشە راڤەی پێویستی بۆ دەكەین.

- جیهانگەرایی رۆشنبیری: باكراوەند و سەرچاوەی هەموو جیهانگەراییەكانی ترە كە (ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسی) دەگرێتەوە، مەبەست لە ئەمە ئەوە بەها سەرەكییانەیە، كە لە ناو كۆمەڵگا دیاریكراوە (الطيب، 2005: 146)، لێرەدا تێبینی ئەوەی لێ دەكرێت، كە مەبەستی تێركردنی هەموو پێویستییەكانی تاكەكەسانە بە رێگای عەقل و ئیدراك لە گەڵ كۆنترۆڵكردنی و گۆرینی رێرەو، بەهاكان، كەلە ناو میللەتدا بڵاوە و ئەمەش بە سود وەرگرتنە لە ئامرازەكانی تەكنەلۆژیای هاوچەرخ، كە مەوادیەكی باشی بۆ ئەمە رەخساندووە.

-جیهانگەرایی رۆشنبیری: بوار رەخساندنە بۆ رۆشنبیری سەنتەر و بە رێگای نێودەوڵەتیكردنی ئەمە و نەهێشتنی رۆشنبیری پەراوێز، كە بە رێگای كاریگەریكردنی راگەیاندن و تەكنەلۆژیا بەدەست دەكەوێت، هەروەها بە شێوازكردنی بەهاكان و گونجاندنیان لە گەڵ رۆشنبیری بازار و تێپەراندنی سنوورەكانی و نەهێشتنی تایبەتییە لۆكاڵیەكان، یان ئاوێتەكردنی لە ناو چوارچێوەی رۆشنبیری گەردوونی و گەشەكردنی رۆشنبیری وێنەی فەراهەمدەكرێت (الحميد، 2012: 6). شایەنی باسە ئەوەی لێرەدا بە ئامانج دەكرێت ئەوەیە بڵاوبوونەوەی رۆشبیرییەكە كە دەزگاكانی نێودەوڵەتی – زۆربەیان ئەمریكین – بەرپرسن لێی و ئەمەش رێگە خۆشكەرێكە، كە ئەوان كارتێكردنێكی راستەوخۆ بكەنە سەر كۆمەڵگای جیهانی، واتە لە دورترین شوێنی رۆژهەلات، تا دەگاتە دوورترین شوێنی رۆژئاوا ئەم كارتێكردنەی هەبێت. بێگومان ئەم جۆرە جیهانگەراییە بە ترسناكترین جۆری دادەنرێت، كە لە گەڵ جیهانگەرایی ئابووری ئاوێتە دەبێت.

-جیهانگەرایی رۆشنبیری: زانا (بریگنزی) ئاماماژە بۆ ئەوە دەكات كە (دەركەوتنی رۆشنبیری وەك كاڵایەكی جیهانی و بازارێیكردنی، پاشان سەرهەڵدانی هوشیاری و ئیدراك و تێگە و رەمز و ئامرازەكانی رۆشنبیری ئەمانە هەموویان دەبنە خاوەن شێوازێكی تایبەت بۆ گەیاندنی ئەم ئامانجە (عبدالله، 1998: 171). مەبەست لێرەدا ئەوەیە، كە رۆشنبیری ببێتە كارێكی رەمزی دوژمنكاری، كە هەموو رۆشنبیریەكان بە رێگای توندوتیژی چەك بە سەریدا بسەپێت و ئەمەش هەرەشە لە سەر رۆشنبیری هەموو كۆمەلگاكان دەكات.

-جیهانگەرایی رۆشنبیری: ئاوێتەكردنی سیاسەتەكان و ئەو كارتێكردنانەیە، كە لە ئەنجامی گەیاندنی رۆشنبیری دروست بووە، ئەمەش لە ئەنجامی نایەكسانی هاتۆتە كایەوە، كە پێدەگوترێت (رۆشنبیری جیهانگەرایی)، كە بریتییە لە رۆشنبیری سەرمایەداری و لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە (نورالدين، 2018: 35).

شایەنی سەرنجە پێناسەیەكی تر، كە لە لایەن (دیانا كران **Diana Crana**)، كراوە، كە ناوبراو لە زانكۆی بنسلڤانیای ئەمریكی مامۆستایە و لە كۆمەڵناسی بسپۆری هەیە، مامۆستا (دیانا) پاش دەستنیشانكردنی پێناسەكان، ئەم چوار لە یەكنیزیكیەی خوارەوەی بۆ وەسفكردنی پەیوەندییەكان خستۆتە روو:

**1 – لە یەكنزیكی ئیمپریالی رۆشنبیری ( Calture Imperialisim):**

ئەم جۆرە بریتییە لە (داسەپاندنی هەژموونی رۆشنبیری نەتەوە بەهێزەكان لە سەر نەتەوە بێ هێزەكان) (نورالدين، 2018: 35 ). مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئەم هەژموونە

مەبەستی ئەوەیە کە دەوڵەتە بێهێزەکان لاوازبکات و بە مەرەمی خزمەتی بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتە بەهێزەکان.

**2 – لە یەکنزیکی نموونەی تۆڕە ڕۆشنبیریەکان Cultual Flowstor notgork Modt:**

**3 – لە یەکنزیکی ئیستراتیژیەکانی سیاسەتی ڕۆشنبیریەکان Cultual Policy Strategies:**

ئەم لێکنزیکیە لە سەر بنەمای تیوری وەرگر و بە ڕێگای سەپاندنی هەندێك بابەتی ڕۆشنبیری گەردوونی دروست دەبێت، کە ئەمە رە ڕێگای ڕاگەیاندن لە گەڵ وەڵامدانەوەی وەرگر بەخش دەکرێت (نورالدین، 2018: 35).

**4 – لە یەکنزیکی تیۆری وەرگرتن Reception Theoty:**

گرنگی بە لێکۆلینەوەی ئەو ئیستراتیژیانە دەدات، کە ولات و دەزگاکانی ڕۆشنبیری فەراهەمیان دەکات بۆ ئەوەی بەرەنگاری و هاندانی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری بکەن (حمادة، 2004: 196) شایەنی باسە دەرئەنجامی پێناسەکانی سەرەوە ئەوەمان بە دەستەوە دەدات، کە جیهانگەرایی ڕۆشنبیری چاندنی بەها و بیررە دەروونیەکان و هزر و ڕۆشنبیری دەوڵەتە زلهێزەکانە لە ناو مێشکی خەڵکی تر، بە تایبەت خەڵکی کۆمەڵگا کلاسییەکان و کرانەوەیانە، پاشان ڕێگا خۆشکەرێك دەبێت بۆ چوونە ناویانەوە بە ڕێگای ڕۆشنبیریەوە، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرییەی، کە ئەمان پیلانیان بۆ داڕشتووە، کە بەها و دابونەرێتی نوێیان بۆ دابڕێژن. دەروونناسی ئەمریکی (بوریس سکینەر) پێش دەیان ساڵ ئاماژەی بۆ بە دەست بەسەر داگرتنی رەفتاری تاکەکەس دەکات، ئەمە لە کتێبەکەیدا (تەکنەلۆژیایی رەفتاری مرۆڤ) ئاماژەی بۆ کردووە، کە دەلێت (توانا دەخەینە گەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتاری تاکەکەسەکان بە ڕێگای – فێرکردنی مەشقەوە -، واتە ئەو ڕێگایە دەگرێتە بەر، کە چۆن گیانەوەرەکانی ناو (سێرك) لە سەر چەند کریارێك مەشق و راهێنانیان پێدەکرێت، دەبێت هەمان ڕێگە بۆ کۆنترولکردنی مرۆڤیش بگرێتە بەر، بێگومان ئەمە کەمکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتییە و لە کەرامەتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە (عمار، 1989: 19).

1-4-رەهەندەکانی جیهانگەرایی رۆشنبیری.

ئێستا ڕۆشنبیریەت تا رادەیەکی زۆر بە تەکنەلۆژیاوە بە گشتی و بە تەکنەلۆژیای گەیاندن بە تایبەتی کاریگە ربووە، (ئەم تەکنەلۆژیاییە توانیویەتی بچێتە ناو جەرگی ڕۆشنبیریەتدا (حمادة، 2004: 196)، واتە تەکنەلۆژیا باڵادەست بووە و بە ئارەزووی خۆی ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات. مەبەست ئەوەیە کە ڕۆشنبیری زلهێزەکان هەژموونی خۆیان بە سەر ڕۆشنبیریە لاوازەکاندا بسەپێنن (لێرەدا جیهانگەرایی رۆشنبیری بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبێتە هەوڵێك لە لایەن کۆمەلگایەکەوە بۆ ئەوەی گشتگیری پێبکات و بە سەر کۆمەڵگاکانی تردا دابەش بکات و کاریان تێبکات و هەموو ئامرازەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری ئەوان پابەندی خۆیانی بکات (**Tomlison**, 1999: 213).

1-5-بنەماکانی جیهانگەرایی روشنبیری.

جیهانگەرایی ڕۆشنبیری ژمارەیەکی زاراو و چەمکی جۆراوجۆری خواستووە، هەر دەرچونێك لەم چەمکانە دەبێتە جێگای ئەوەی کە مشتومڕێکی زۆر بە خۆ وەربگرێت، لەم باسەماندا ژمارەیەکی زۆری چەمك و زاراوەکان باسدەکەین، کە دەبنە بنەمایەکی سەرەکی لە پراکتیزەکردنیان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، سەرەتا باسی ئەو زاراوانە دەکەین، کە لە ناو شیعری هاوچەرخی کوردی ناوچەی بادینان بوونیان هەیە:

**1-5-1– سرینەوەی کلتورە ناوچەییەکان (کلتوری تەکنەلۆژیا) The erosion of local cultures (technological culture)**

جیهانگەرایی ڕۆشنبیری ئەو دیاردەیە، کە دەرئەنجامی شۆڕشی تەکنەلوژیا بەرپابووە و بواری بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتە رۆژئاواییەکان رەخساندووە، کە دەستەڵاتێکی ڕەها و هەژموونی خۆیان بە سەر جیهاندا بسەپێنێ، ئەمە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و شوناسی ڕۆشنبیری، نەتەوەیی و نیشتیمانی بەخۆوەی گرتووە، واتە؛ (سڕینەوەی کەلتووری ناوچەیی دەبێتە ئامراز و ناوەڕۆکی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری، کە کەلتووری تەکنەلۆژیا و ئەلیکترۆنی ئامرازێکی تری ئەمەن، ناوەڕۆکی بیرەکە لەوەدایە، کە پرۆگرامی هزری و دید و بۆچوونی ئەدەبی و ڕێباز و میتۆدە رەخنەییەکان بخاتە ژێر ڕکێبی خۆیەوە (ابراهیم، 2003: 122).

پێویستە لێرەدا باسی تیۆری چەقاندنی ڕۆشنبیری بکەین (Culture Theory)، کە بریتییە لە (ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە کاریگەریەکی گەورە لە سەر تاکەکەس، یاخۆد کۆمەڵگا بەجێدەهێلێت. ئەم تیۆرە لە ساڵانی هەشتاکاندا سەری هەڵداوە و لە چەرخی رابردوو لە سەر دەستی (گارینەر) دروست بووە (البطریق، 2011: 316). ئەم تیۆرە سەرەڕای ئەوەی لە سەر تەلەفزیۆن دانرابوو، بەڵام لە سەر گەلێك بابەتی تر پراکتیزەکراوە بە تایبەتی ئەوانەی، کە پەیوەندییان بە هزر و سیاسەت و ڕۆشنبیریەوە هەیە، ئەم پڕۆسەیەدەبێتە هۆکارێك بۆ تواندنەوەی کەلتوری ڕۆشنبیری و ناسنامەی گەلان.

**1-5-2 – مردنی ئایدۆلۆژییەکان (ڕۆشنبیری جیهانی)**

لای هەندێك لە تۆێژەیەکان زۆر جار تێکەڵیەك لە نێوان لێکۆلینەوەی ئایدۆلۆژیەت و ئایدۆلۆژیەکان دروست دەبێت، (لێکۆلینەوەی ئایدۆلۆژیا، لێکۆلینەوەیە لە جۆرێك لە جۆرەکانی بیری سیاسی، کە فەلسەفەی سیاسی، یا خود زانستە سیاسییەکان لە یەکتر جودا دەکات) (حسن، 2010: 101)، بەڵام لێکۆلینەوەی ئایدۆلۆژیەکان بریتیە لە (لێکۆلینەوەی ناوەڕۆکی بیری سیاسی و تیۆرە بیرەکان، لە هەر بەراوردی لە نێوان ئایدۆلۆژیەکاندا دەکات (عبدالله، 2012: 2389). واتە لێکۆلینەوە لە پەیدابوون و گەشەکردن و پراکتیزەکردنی هزرەکان دەکات، بەڵام لێکۆلینەوە لە ئایدۆلۆژیەکان باسی هزرەکان بە خۆی دەکات و چونیەتی گەشەکردنیان و بەراوردی لە نێوانیدا دەکات.

شایەنی باسە بنەمای مرۆڤی ئایدۆلۆژیا پەیوەندی بە دەستەواژەی جیهانگەرایی و جیهانیبوونەوە هەیە، (جیهانیبوون کرانەوەیە بۆ جیهان و ڕۆشنبیریەکانی تر، بەڵام جیهانگەرایی رەتکردنەوەی ئەوانی ترە و سەپاندنی ئیخترائیختراقی ڕۆشنبیریە لە شوێنی ململانێی ئایدۆلۆژی) (جابلی، ب. س: 174). بەواتایەکی تر جیهانگەرایی فەرزکردنی هەژموونی ڕۆشنبیریە، بەڵام جیهانیبوون ئاواتی ئەوە بە تایبەتمەندی لۆکاڵی بۆ ئاستی جیهانی بەرز بکاتەوە، واتە مردنی ئایدۆلۆژیەت نەهێشتنی ئاگایی چینایەتی و نەتەوەیی و ئایینی و بیروباوەرە.

ئەوەی جیگای تێڕامانە پاش هاتنی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری بۆ ناو ئەدەبیات، دەستەواژەیەك بڵاو بووەوە، کە جەخت لە سەر مردنی ئایدۆلۆژیا بکات و ئەدەبی ئایدۆلۆژی و پێگیر و پابەند بوونی بسڕێتەوە.

بونیادی گشتی هەر ئایدۆلۆژیایەك – لە ناو ئایدۆلۆژیە گەورەکاندا دیارە – لە ڕێرەوێکی بیر و راستیە رەهاکان

پێکهاتووە و دەربڕین لە کاروانی تاکەکەس، یاخود گرۆپ دەکات ئەمانە لە چرکەساتی مێژوویی دیاریکراو هاتوون، ئەوەی لێرەدا مەبەستمان بێت، زاراوەی (مردنی ئایدۆلۆژیا)یە، کە لە زۆربەری لێکۆلینەوەکان بەکارهاتووە.

شایەنی باسە هەمان مەبەست لە کتێبی (مردنی ئایدۆلۆژیا)ی (دانیل بیل) باسکراوە، کە لە ساڵی 1961 بڵاوکراوەتەوە، بە بۆچوونی ئێمە ئەم دەستەواژەیە (مردنی ئایدۆلۆژیا یان کۆتایی ئایدۆلۆژیا)، وەك دەستەواژەکانی تر (مەرگە نووسەر، مەرگی مرۆڤ)، (کۆتایی مێژوو)، ئەم بابەتانە لە نێوان ڕۆشنبیراندا جێگای مشت و مڕ و دانوستاندنە. دروشمی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری لە تیوری مردنی ئایدۆلۆژیاوە سەری هەڵداوە، (کە قوناغی سەرکەوتنی هێزی یەکانەیە و گۆڕینەوەیەتی بۆ هێزی دەسەلاتداری، ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەی مێژوویی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و کەلتووره ناوچەییەکان بوو) (حنفی، 2010: 110)، هەروەها مرۆڤی ئایدۆلۆژیا لە ناو جیهانگەرایی ڕۆشنبیریدا بریتیە لە (کۆمەڵێك هزر و بیر دەربازی دەوڵەت و نەتەوە و مرۆڤ و ناسنامە و ڕۆشنبیری) (عبدالله، 2012: 411)، ئەمە بریتیە لە سنووردارکردنی ڕۆشنبیری ناوچەیی و گشتاندنی ڕۆشنبیری سەنتەری و نەهێشتنی ئایدۆلۆژیای نەتەوەکانە.

**1-5- 3 – بەزاندنی سنوورەکان (وەرگری جیهانی)**

ئەدەبیات لە سەرەتای چەرخی بیستەم و بیست و یەکەم ڕووبەڕووی گەلێك هەڕەشە بۆتەوە، دەتوانین جەخت لە سەر ئەوە بکەین، کە بزوتنەوەی شیعری نوێخوازی و پاش نوێخوازی هەوڵدانێکە بۆ چوونی بۆ ناو کاروانی جیهانگەراییەوە، ئەمە بە ڕێگای نووسینی هەندێك دەقی شیعری، کە کاریان بۆ ئەوە کردووە، کە سنوورەکان لە نێوان ژانرە ئەدەبیاتەکاندا ببەزێنن و دووانەیی کلاسیکی: شیعر/ پەخشان نەهێڵن (بەزاندنی سنوورەکان لێرەدا سەرەتای دۆزینەوەیە، دۆزینەوەی خۆ و رزگارکردنی و دۆزینەوەی ترە) (عبید، 2019: 106)، کەواتە شیعر لە سەردەمی جیهانگەرایی ڕۆشنبیریدا، بریتیە لە گەیشتن بە ڕۆشنبیری ئەوی تر و لە هەمان کاتدا گەیشتنە بە ناخی شاعیردا.

بەزاندنی سنوورەکان شیعری بەرەو بینینێکی نوێی برد، کە (گۆڕینی سیستەمی شتەکانە، پەیوەندیانە، دەقی شیعری شیعری بەرەو فۆرمی نەناسراو برد) (عبید، 2019: 201)، واتە بەرەو ڕێگایەکی ناڕوونی ئاراستەکرد، کە لە هەندێك شوێندا شیعرەکەی بە (هەڵبەستی جیهانگەرایی) ناوزەدکرد، لێرەدا شیعر دەکەوێتە قۆناغێکی ترەوە، کە زیاتر بوێری تێدا دروست دەبێت (نووسین و داڕشتنەوەیەکی نوێ و پێگیری بە سماندنی ئاخاوتنە، لە ڕووی ڕێرەوەوە گۆڕانکاری لە دووبارە بنیاتنانی بۆشایی (شوێن و کات) کردووە، شیعری لە خەون و خەیاڵ دوور خستۆتەوە و بە بابەتی هەست پێکراو خستویەتیە ڕوو (عبید، 2019: 201).

کەواتە دەقێکی شیعری جووڵە ئامێز فرە ئامراز و هەستە و توانای پێوەلکانی لە گەڵ هەموو تێکستەکانی تر هەیە و بێ بەربەست باوەشی بۆ هەموو گۆڕانکارییەکان کردۆتەوە، چونکە دەقەکان پارچەکن لە ئەزموون و ئاگایی مرۆڤ و گوزارشت لە کۆگایەکی مەعریفی و ئیستاتیکی مرۆڤ دەکەن.

کارتێکردنی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری بۆ سەر شیعر پێویستی بە دانوستان و بەدواداچوون هەیە، چونکە ئەمە ڕووداوێکی بابەتیانەیە و پێویستە وەك بابەتێکی حەقیقی ڕەفتاری لە گەڵ بکرێت و نەك ڕەتبکرێتەوە، لەوانەیە جیهانگەرایی ڕۆشنبیری ببێتە هێزێکی گەشەسەندنی ئەرێنی و وەك بزوتنەوەیەك ڕەفتاری لە گەڵ بکرێت و باشترین ڕێگە ئەوەیە لە گەڵیدا بژین نەك بەلاوەی بنێین.

بەشی دووەم:2-جیهانگەرایی ڕۆشنبیری و سرینەوەی بنەماکانی کلتووری تاکەکەسی لە شیعری قوچان و شەهبازدا:

**1-2**-سرینەوەی بنەماکانی کلتووری تاکەکەسی

یەکێــك لەو چەمکـــانەی، کە بە مـــرۆڤ و کۆمەڵگـــاوە پەیوەستە، چەمکی کلتورە، چونکە کلتور بە گەنجینەیەك، یان تۆمارگایەکی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێت و تاکی مرۆڤ خۆی و کۆمەڵگــاکەی تێــدا رەنــگ دەداتەوە. کۆمەڵێــك زاراوە لە مێـژووی کۆمەڵگـادا سـەرهەڵدەدەن وەك؛ کلتـور، کەلەپـور، فولکلور، شارستانیەت، ڕۆشنبیری، مێژوو ... هتد. بەم شێوەیە کلتـور دەبێـتە ئورگـانێکی سـەرەکی لە دیارخسـتن و ناسـاندنی کەسایەتی مرۆڤ و کۆمەڵگا.

بۆ ئەوەی یەکێك لەو بابەتانە هەڵبژێرین، کە سڕینەوەی کلتوره ناوچەییەکانی پێوە دیارە، شیعرێکی شاعیر (موحسن قوچان) وەردەگرین، کە لە ژێر ناونیشانی (خەون)ە، کە تێیدا شاعیر هەندێك وشە و دەستەواژەی بەکارهێناوە، ئەم سیمایەی واتە سیمای جیهانگەرایی ڕۆشنبیری پێوە دیارە، لە خوارەوە هەوڵ دەدەین شیکاری بۆ بکەین:

**"خەون**
**لڤێرێ ...**
**هەر شەڤ خەون ..**
**کراسێ "یوسف"ی ژ دەڤێ گورگا ددزن!**
**هەون و ئەو پاشەرۆژێن ...**
**د دەڤێن نەهنگێن پشت سنوران دا خو ڤەشارتی چاڤا**
**ب سەراڤا**
**سەر رێ دبەن!**
**رەهێن دارا ...**
**ب زیکیڤە خو هێشتا دادهێلن**
**مەودایێن گورێن نوی ..**
**دناڤ پەراسیێن هەست ئاخێ دادکەن،**
**دەنگێن سەختە ..**
**لەیزوکێن مرنێ ب چارگەری ...**
**بوو شادی یا نەپەن دگێرن؟"** (قوچان، 2010: 27)

ناونیشانی ئەم شیعرە (خەون)ە، دەلالەت لە ئەو کەسەیە، کە خواست و هیوا و ئومێدی لە دەست داوە و وەکو ئەوەی، کە بابەتێك و شتێکی زێڕینی لە دەست دابێت و ناخی هەژاندوە و دەروونی قەیس ماوە ئەمە بە هەر هۆکارێك بێت، سیاسی، کۆمەڵایەتی ... هتد. کەسی ئاماژە بۆ کراو خاکی لە دەست داوە و ئەو خەونەی کە لە مێشکی هەژاندووە لە دەستی داوە و نەبووە بە ڕاستی و بەم شێوەیە ئازارێکی بێ کۆتا ناخی شاعیر هەژاندووە و ئەم شێوە لە دایك بووە.

2-2-پێوەندی ناراستەوخۆ لەگەل تاکەکاندا

شاعیرێکی ئەم قوناغە وەکو زۆربەی شاعیرانی لەم مەیدانەدا بیروبۆچوونی خۆی بە شێوەیەکی جیاواز دەخاتە روو. بە پێی بیری شاعیر، مرۆڤ لە بنەڕەتدا کە خولْقێنراوە ئەمە وەك ئیهانەیەکەی بۆی، چونکە ژیانی مرۆڤ هیچ خۆشییەکی تێدا نییە و پڕە لە نەگبەتی و سزادان، شاعیر بۆ ئەوەش دەچێت کە خودا پشتیوانی ئەو کەسانەیە کە خەڵك سزا دەدەن، یان ئەو کەسانەیە، کە جەلادن و خوێن مژن، هەر خودا شیتی لە ئەوان کردووە و هێلاوینی کە مرۆڤەڕکان ئازاربدەن، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پێچەوانی ئەو بیرانەیە کە لە قورئاندا هاتووە، کە خودا لە گەڵ مرۆڤدایە، ... شاعیر لە شیعرێکدا یاخی بوونی خۆی لە ئاین ئاشکرادەکات و لە دیوانەکەیدا و لە ژێر تایتلی (هندەك ژ وە و هەموو ژ من)دا، بەم بابەتە دەورژێنێ، کە دەڵێت:

**"کەمەر بەندێن خوەیێن چەرمی/ دکەن جهۆرێن هیڤی یێن قەلپ**
**کراسێ تەنگێ ئەلندێ، دکەنە سترانەکا مرنێ/ ئو ... پێ دبێژن**
**مێوە هنگڤینێ خوە دمێژن/ مێکەو هێکێن خوە د هاڤێژن/**
**مێگورکێن هار هێرشدکەن پیستێن ژاژی یێن گدیکان**
**باڤێن ژ دەر و، دز و جەردان، هەمبێزدکەن/ زارۆکێن خوە د بەردەن سویکان**
**هەکو میرێ من رسوا بووی بەندەك گرێدا ژ بەنییان/ لسەر**
**پشتا مرۆڤێن کوشتی خودیکان"** (شەهباز، 2011: 44).

**2-3-:زاڵبوونی حەزە تاکەکەسیەکان:**

(موحسن قوچان) لەم ڕووەوە بابەتێك دەورژێنێت و هەڵوەستەی لە سەر دەکات، ئەویش بەها و پێگەی ژنە لە ناو کۆمەڵدا، کە دەیەوێت ئەمانەی بۆ بگەڕێنێتەوە و پێگەی قایم بکات، تەناتەت دەیەوێت لە گەڵ سروشتدا وێنای یەکبوونی بکات.

شاعیر لە گەڵ ئەوەدایە، کە ئەم دیوارە بڕوخێنرێت، کە تەماشای ئافرەت بکرێت وەك بەشێك لە سروشت، کە کەرەستەی کۆنترۆلکردنی نییە، بەلکۆ بابەتی ئافرەت یەکبوونیەتی لە گەڵ سروشتدا.

**"ڤاڵنتاین**
**ڤاڵنتاین ئەڤرۆ**
**جانێ خوە د روحانیا من دە فارامۆش بکە**
**ژبیربکە"** (شەهباز، 2013: 21).

لێرەدا رەهەندی دژە کلتور دروست دەبێت، کەلە بنەما هەرە سەرەکییەکەی جیهانگەرایی ڕۆشنبیریە، کە دیاردەی سڕینەوەی کلتور ناوچەییەکانە، کە شاعیر زۆر جار پەنای بۆ دەبات و لە گەڵ کلتوری خۆی بەراوردی دەکات، کە بریتییە لە کلتوری لۆکاڵی و ناوچەییە.

2-4-دژە کلتوور.

بێگومان هەر شاعریك لە بیری نوێکردنەوەی خۆیدا بە چەندین قۆناغ تێدەپەرێت و ئەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە دەدات کە لایەنی تەکنیکی شیعرەکەی و ئەزموونەکەی دەوڵەت مەند بکات.

(موحسن قۆچان) یەکێکە لەو شاعیرانە، کە لە هەڵبەستەکانیدا ئەم لایەنی نوێکردنەوەی ڕەچاو کردووە.

(قوچان)ی ئەمڕۆ لە (قۆچان)ی دوێنی یاخی دەبێت، ئەمە لەو کاتە دیاردەبێت، کاتێك، کە خوێنەر بە وردی تێکستە شیعرییەکانی دەقوێنێتەوە، هەروەها هەست بەوە دەکات، کە دژە کلتورێك لە شیعرەکانیدا رویداوە. بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکە رونتربکەینەوە و بۆ ئەم مەبەستە، دوو تێکست وەردەگریت، یەکەمیان تێکستی (جهۆر)ە، کە لە ساڵی 2015 نووسیویەتی و لە دیوانی خویدا و لە ژێر ناونیشانی (ئاسیبوون دناڤ دندکێن بارانێ دا) بلاوکراوەتەوە، لە هەلبەستی(جهۆر)دا بەم شێوەیە (قۆچان) دەدوێت:

**"باپیرێ من**
**کیڤیەك ژ کیڤیان ڤەدەرکر**
**داکر کۆلی**
**ئەڤی کیڤی خۆ لانکر و خار و کەڕکر**
**رھ سپی یێن گوندی جریان**
**تەڤدا جڤاتەك گرێدا**
**هەر کەسەکی ژلایێ خۆڤە**
**(فتوەك) لێدا**
**صوفی (میسا)ی گۆت بابێ من**
**هلۆ رابە**
**جەهی زەرکە**
**مستەما زێرا پێ وەرکە**
**...**
**سپێدێ رادبن**
**چیا کەندە ...** (قوچان، 2019: 34).

شاعیر لەم هەڵبەستەدا وەکو کەسێکی ئاسایی نایەتە پێش چاو، بەڵکو سیما و خەسلەتی نوێکردنەوەی تێدا بەدی دەکرێت و بە بۆچوونێکی دژە ڕۆشنبیری توانیویەتی گوتارێك پێشکەش بکات. شاعیر لە ڕاڤەکردنی بۆچوونەکانی ئەوە دەردەکەویت، کە مرۆڤێکی رۆناکبیر و هەست نازك و خەمخۆر و تورڕو هەلوپستی خۆی دەردەخات.

لەورا شیعریکی تردا ناوبراو و لە ژێر ناونیشانی (سەنتەر نابیت)دا، دیرۆك و شۆرشی کوردان دەداتە بەر مەقەسی رەخنە و پرسیاری گومان ئاوێز دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

**"مە ئاخ بری**
**پتات فرۆت، باجان کری**
**وەلات، کەلات، مە دینێ خوژی گوهری**
**نەخشەیێ مرن و ڤەژینێ**
**ل گور زانینا خۆ ڤەبری و**
**سەنتەر نابیت – سەنتەر نابیت**
**دێ کی ڤی دێوی هەلمشە سەنتەرکەتن؟**
**دگەهێن مەدا د ئارینیتن**
**لەڤا ل کەڤێین عشقێ ددەتن ... "** (شەهباز، 2017: 42).

## ئەنجام

1- زۆرینەی ئقوچانەوانەی، کە بابەتی جیهانگەراییان بەلاوە گرنگە ئەو دەڵێن، کە ئەم زاراوەیە لە گەڵ ئەوە، کە نوێیە، بەڵام لە سالانی شەستەکانەوە لە ناو ئەدەبی ئەکادیمی و مللیەوە سەری هەڵداوە و لە ساڵانی ئەو کاتدا و بە هۆی زۆری بەکارهێنانیەوە باو بووە و لە سەردەمی نوێدا بۆتە زانستێك و بە تایبەت پاش ڕوخاندنی دیواری بەرلین.

2- جیهانگەرایی ڕۆشنبیری: بوار ڕەخساندنە بۆ ڕۆشنبیری سەنتەر و بە رێگای نێودەوڵەتیکردنی ئەمە و نەهێشتنی ڕۆشنبیری پەراوێز، کە بە رێگای کاریگەریکردنی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا بەدەست دەکەوێت، هەروەها بە شێوازکردنی بەهاکان و گونجاندنیان لە گەڵ رۆشنبیری بازار و تێپەراندنی سنوورەکانی و نەهێشتنی تایبەتییە لۆکاڵیەکان، یان ئاوێتەکردنی لە ناو چوارچێوەی ڕۆشنبیری گەردوونی و گەشەکردنی ڕۆشنبیری وێنەی فەراهەمدەکرێت

3- سڕینەوەی کەلتووری ناوچەیی دەبێتە ئامراز و ناوەرۆکی جیهانگەرایی ڕۆشنبیری، کە کەلتووری تەکنەلۆژیا و ئەلیکترۆنی ئامرازێکی تری ئەمەن، ناوەرۆکی بیرەکە لەوەدایە، کە پرۆگرامی هزری و دید و بۆچوونی ئەدەبی و ڕێباز و میتۆدە رەخنەییەکان بخاتە ژێر ڕکێبی خۆیەوە

4- لە شیعرەکانی (قوچان)و(شەهباز)دا،وەڵامی ئەم پسیارانە تێدا بەدی دەکرێت کە ئەویش، کە ئایە شیعرەکانی شاعیرانی ئەم قوناغە گوتارێکن دژ بە جیهانگەرایی، یاخود لە گەڵ ئەو جیهانگەراییە ئەرێنیە هاوشانن کە بۆ مەبەستی گەشەکردنی شارستانیەتن و کۆمەڵگا بەرەو پێش دەبەن، هەروەها ئایا کۆمەڵگاکە لە سەر بنەمای کرانەوە دەگەشێتەوە؟

5- بۆ ئەوەی یەکێك لەو بابەتانە هەڵبژێرین، کە سڕینەوەی کلتورە ناوچەییەکانی پێوە دیارە، شیعرێکی شاعر (قوچان) وەردەگرین، کە لە ژێر ناونیشانی (خەون)ە، کە تێدا شاعیر هەندێك وشە و دەستەواژەی بەکارهێناوە، ئەم سیمایەی واتە سیمای جیهانگەرایی ڕۆشنبیری پێوە دیارە، لە خوارەوە هەوڵ دەدەین شیکاری بۆ بکەین:

6- شایەنی سەرنجە یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکانی سڕینەوەی کەلتورە ناوچەییەکانە، کە لە بابەتی دوالیزمە دژیەکەکان و هاوبەشەکان بەرجەستە دەبن، بۆ نموونە؛ لە شیعری (پەلاگێسنێ دەولەتێ د هەمبێزا برسێ و ترسێدا)ی، شاعیر (شەهباز)یە، لێرەدا ئەم دوالیزمە کاتێك بەرچاو دەکەوێت، کە باسی دوالیزمی وەفاداری و خیانەت دەکات.

## لیستی سەرچاوەکان


د.خليل نوري مسهير العاني: (2009)،الهوية الاسلامية في زمن العولمة،الطبعة الاولى،سلسلة الدراسات الاسلامية المعاصرة(58).

عبدالقادر تومي:(2009)،العولمة،فلسفتها،مظاهرها،تاثيراتها،كنوز الحكمة.

عبدالخالق عبدالله: (1999)، (العولمة:جذورها و كيفية التعامل معها )،عالم الفكر،المجلد 28 ،العدد:2،القاهرة.

السيد ياسين: (2001)،العالمية و العولمة،نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع،القاهرة.

ديانا ايمن راشد حاج حمد: (2012)،اثر العولمة على مواطني الضفة الغربية،رسالة ماجستير،جامعة النجاح الوطنية،كلية الدراسات العليا.

اكرام عبدالرحيم: (2002) ،التحديات المستقبلية للتكتل الاقتصاد العربي..العولمة و التكتلات الاقليمية البديلة/مكتبة مدبولي،القاهرة.

**Webstirs ,nuth new collegiate,Dectionary,1991.**

8السعيد الصالحي: (2006)،العولمة والسيادة الوطنية،دار الخلدون.

د.صالح الرقب: (؟)،اتعرف على العولمة،دار البحار للطباعة والنشر.

عبد المجيد راشد: العولمة :تاريخ المصطلح و مفهومة،دراسة :

**Htttp//muntada islmat today .net //46232 html.**

11-بو جمعة عويشة: (2013)،العولمة والترجمة واثارهما الاقتصادية،رسالة ماجستير ،جامعة وهران،السانيا،كلية الاداب و اللغات،الجزائر.

حاتم حميد محسن: (2008)،الموجز في العولمة،كيوان للطباعة والنشر،الطبعة الاولى.

عزت السيد احمد: (2000)،انهيار مزاعم العولمة :قراءة في التواصل الحضارات وصراعها ،من منشورات اتحاد كتاب العرب,دمشق.

محمد عابد الجابر: (1989)،قضايا في الفكر المعاصر العولمة،مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت.

روجية غارودي: (1998)،العولمة المزعومة،الواقع والجذور،البدائل،ترجمة:محمد السيد خليل،دار الشوكاني للنشر والتوزيع،صنعاء.

احمد گلی محمدی:جهانی شدن فرهنگ،هويت،كتابخانه ملی ايران،چاپ نهم،2018.

**Berch Berberoglu, Globalization Of Gpital And The Nation-State, New York, Oxford, 2003.**

منير الحافظ:تشخيص جمالي في بؤس العولمة،دار الفرقد،دمشق-سوريا،2005.

هرالد شومان،كريستيانة غريفة:العد العكسي للعولمة،ترجمة:د.محمد الزايد،منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب،دمشق،2001.

دينيس سميث:الاجندة الخفية للعولمة,ترجمة:على امين على,الطبعة الاولى,المركز القومي للترجمة,2011.

د.السيد نصرالدين السيد:ثقافتنا المعاصرة التحديث او الكارثة,مركز المحروسة للنشر,القاهرة,2010.

عبدالباري الدرة,1999:العولمة والهوية،اوراق الموتمر العالمي الرابع لكلية الاداب ,جامعة فيلادلفيا,الولايات المتحدة الامريكية.

محمد عابد الجابري:قضايا الفكر المعاصر,مركز دراسات الوحدة العربية,بيروت,1989.

جمال نصار،2015.:الهوية الثقافية وتحديات العولمة,مركز الجزيرة للدراسات،2015.

ونيسة الحموروني رجب2013:ابعاد العولمة,مجلة القراءة والمعرفة،العدد,143.

**Barrle Oxford, Theories of Globalization, 2013, Cambreidg, UK.**

**علي،عبدالمنعم السيد(2003):العرب في مواجهة العولمة الاقتصادية،مجلة المستقبل العربي،العدد(290).**

**الرفاعي،د.عبدالهادي،عامر،وليد،ديب،علي ديب(2005):العولمة وبعض الاثار الاجتماعية و الاقتصادية الناجمة عنها،مجلة جامعة سترين للداراسات و البحوث العالمية،سلسلة العلوم الاقتصادية و القانونية ،المجلد(27)،العدد(1).**

**Williamk. Tabb, Globalization is an Issue, the power of capital of is the Issue Monthly Review, vole, 49 no, (June 1997)**

**شمس الدين،بولعسل:العولمة المالية وانعكاساتها على اقتصاديات الدول النامية ،رسالة ماجستير.**

**جراهام طومسون،بول هيرسن(2009):ماالعولمة ؟الاقتصاد العالمي و امكانات التحكم ،ترجمة د.فالح عبدالجبار ،الطبعة الاولى،بغداد.**

**فونتال جاك(2009):العولمة الاقتصادية و الامن الدولي مدخل الى الجيو الاقتصادية ،قدم له كينيت أرو،ترجمة محمود براهم،الطبعة الثانية ،ديوان المطبوعات الجامعية.**

**Hans H. Bass, (2010) Toshihiko Hozumi, uwe staroske Labor Marketes and Labor Market policies between Globalization and word Economic, Japan .**

**الخضيري،احمد محسن(2000):العولمة مقدمة في فكر او اقتصاد و ادارية عصر اللادولة،مجموعة النيلا العربية،القاهرة.**

**رشوان،حسين عبدالمصطفى(2006):العولمة واثارها،رؤية تحليلية اضافية،المكتبة الجامعية الحيث،مصر.**

**حسين عبدالجبار(2008):اتجاهات الاعلام الحديث والمعاصر،عمان.**

**احمد،جمال محمد (د.)(2014):الاعلام و التوجهات الدولية الراهنة،الطبعة الاولى،عمان-الاردن.**

**الحديدي،منى و امام ،سلوى(2005):الاعلام و المجتمع،القاهرة،الدار المصرية اللبنانية.**

**المصمودي، مصطفى (1985): النظام الاعلامي الجديد،سلسلة عالم المعرفة(94)،المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب،الكويت.**

**الفلاحي،حسين علي(2014):الاعلام التقليدي والاعلام الجديد،عمان-الاردن.**

**عبدالحافظ ،اسماعيل(2014):استراتيجيةت الاتصال الثقافي،عمان.**

**حسين،يوسف عبد علي و حسين ،حاتم(2015):الاعلام الالكتروني،الطبعة الاولى،عمان-الاردن.**

**خليل،وائل رفعت(2015):اشكاليات الاعلام و معطيات الواقع،عمان-الاردن.**

**سلمان، عبدالباسط (2005)، عولمة القنوات الفضائية،الدار الثقافية للنشر،القاهرة.**

**مندوب،مظفر(1999)،محاضرات في العولمة و المعلوماتية ،مرحلة الدكتوراة,السنة التحضيرية،بغداد،كلية الاداب،قسم الاعلام.**

**عبدالرحمن، عواطف(ب.س)، حرية الاعلام المعاصر و تحديات العولمة،مجلة الدراسات الاعلامية ،المركز العربي الاقليمي للدراسات الاعلامية للسكان و التنمية و البيئة ،القاهرة,العدد(93).**

**عبدارحمن،عواطف،الاعلام العربي و قضايا العولمة.**

**Peterr Golding, Phil. Harris: Beyoned Cultural imperialism, sag London, 1997.**

وەڵەد بەگی، ئازاد (2004): بەجیهانیبوون وشوناسی نەتەوەیی، سەنتەری روناکبیری هەتاو،ژمارە 3،سلێمانی.

فەتاح، خەبات مەحموود (2005): کلتووری بەجیهانیبوون و بەجیهانیکردنی کلتور،وەزارەتی روشنبیری،سلێمانی.

سندی، ئەمین (2005): جیهانگێری، چاپخانەی حجی هاشم.

كوشي،دنيس(2007):مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية,ترجمة د.منير السعيداني،مركز الدراسات الوحدة العربية،بيروت،لبنان.

53-ابراهيم، نهلة (2008)

ج.تیمونز روبیرتس،ئەیمی هایت:لە مودێرنەوە بۆ جیهانگەرایی،وەرگێرانی:محەمەد حسێن،بەشی دووەم،چاپخانەی بوون،چاپی یەکەم،2009.

ئەحمەد گوڵمحەممەدی : بەجیهانیبوون،کولتوور،شوناس،وەرگێران:عەبدوڵلا بەهرامی،چاپی یەکەم،دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر،2007.

ئانتونی گیدێنز:ئاسۆ جیهانییەکان،وەرگێران:عەتاجەمالی،زانکوی سەلاحەددین ودەزگای موکریانی،2009.

ئەمین سندی:جیهانگێری، چاپا ئێکێ، چاپخانا حجی هاشم،2005.

بەجیهانیبوون و شوناسی نەتەوەیی:کومەلە ووتارێکی وەرگێردراو، ناوی وەرگێر:ئازاد وەڵەدبەگی،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەکانی سەنتەری روناکبیری هەتاو.(ب.س).

هاشم ساڵح:فیکری خۆرئاوا،وەرگێرانی:شوان ئەحمەد،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر-کوردستانی –عێراق،چاپی دووەم ،2012.

د.بورهان غلیۆن و د.سمیر ئەمین:کەلتووری بەجیهانیبوون و بەجیهانیکردنی کەلتوور،وەرگێرانی:خەبات محمود،وەزارەتی روشنبیری،سلێمانی، 2005.

د.سعدون محمود ساموك:لە رێبازە هزرییە هاوچەرخەکان،وەرگێرانی :بوخاری عبداللە ونالی یوسف،2001.

عوسمان حەسەن شاکر:جیهانگیری و کاریگەری لە سەر سەروەری دەولەت،ئەکادیمیایی هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران،سلئیمانی،2011.

ب-سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:

-کتێب:

جون بير وارني:عولمة الثقافة و اسئلة الديمقراطية,ترجمة:عبدالجليل الاحمدي,الجزائر,ط1,2003.

صالح حسن سليمان:العولمة الثقافية :اثارها و اساليب مواجهته,المعهد العالمي للفكر الاسلامي,2008.

سمير امين و برهان غليون:عولمة الثقافة و ثقافة العولمة،دار الفكر المعاصر ،بيروت،1999.

صلاح قنصوة:تمارين في النقد الثقافي،دار ميريت،القاهرة،مصر،ط1،2007.

عزت السيد احمد:انهيار مزاعم العولمة(قراءة في تواصل الحضارات وصراعها)،اتحاد كتاب العرب،دمشق،2000.

عبدالله الغذامي/عبدالنبي اصطيف:نقد ثقافي ام نقد ادبي؟دار الفكر المعاصر ،سلسلة حوارات القرن الجديد،بيروت،2004.

جان نيد رفين بيترس:العولمة و الثقافة (المزيج الكوني)،ترجمة:خالد كسروي،المركز القومي للترجمة،2015.
جلال امين :العولمة،الطبعة الثالثة،دار الشروق ،مصر،2009.
مالك بن نبي :مشكلة الثقافة:ترجمة :عبدالصبور شاهين،الطبعة الثانية،دار الفكر،بيروت،(ب.ت).
د.اسماعيل عبدالفتاح عبدالكافي:معجم مصطلحات عصر العولمة،
رونالد روبرتسون:العولمة (النظرية الاجتماعية و الثقافة الكونية)،ترجمة:احمد محمود ونورا امين،المشروع القومي للترجمة،المجلس الاعلى للثقافة،الكويت،1998.
هانس بيتر مارتن وهارولد شومان:فخ العولمة،ترجمة:عدنان عباس علي،سلسلة عالم المعرفة,الكويت،1998.
عبدالنور ادريس:الثقافة الرقمية ,المغرب،ط2001،1.
عبدالله الغذامي:النقد الثقافي (قراءة في الانساق الثقافة العربية)،المركز الثقافي العربي،الدار البيضاء،المغرب،ط 2005،3.
احمد فضل شيلول:ادباء الانترنت ادباء المستقبل،دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر،الاسكندرية-مصر.(ب.ت)
بول هيرست وجراهام طومبسون:ماالعولمة(الاقتصاد العالمي وامكانات التحكم)،ترجمة:د.فالح عبدالجبار،الطبعة الاولى،دراسات عراقية،بغداد-اربيل-بيروت،2009.
لؤي علي خليفة:فتنة العولمة و سؤال الهوية.
نوردالدين زمام :عولمة الثقافة(المستحيل والممكن).
د.بركات محمد مراد:ظاهرة العولمة.
مثنى محسن:العولمة الثقافية و صراع الهويات في المجتمعات العربية.
عبيد سعود عبيد:العولمة و اثرها على الثقافة السياسية .
جيرار ليكلرك :العولمة الثقافية،ترجمة :د.جورج كنورة.
ديانا ايمن:اثر العولمة الثقافية على مواطني الضفة الغربية .
زغو محمد :اثر العولمة على الهوية الثقافية للافراد و اشعوب.
د.جون توملنسون:العولمة و الثقافة ,ترجمة:ايهاب عبدالرحيم.
د.حفناوي بعلي:مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن,منشورات الاختلاف .الجزائر,2007.
فرنسيس سوندورز:الحرب الباردة(الثقافة و عالم الفنون والاداب),ترجمة :طلعت الشايب,المجلس الاعلى الثقافة ,القاهرة,ط 2,2002.

-نامەی ئەكادیمی:
صفية علية :افاق النص الادبي ضمن العولمة،اطروحة الدكتورا،الجزائر،2015.
روفايي عمر:النظرية الادبية و العولمة،اطروحة الدكتورا،جامعة الحاج لخضر،باتنة،الجزائر،2008.
تجليات العولمة الثقافية والسياسية في شعر محمود درويش.رسالة ماجستير.
بورشمه معاشو:الانساق الثقافية في الشعر الجاهلي(نسق القبلة انموذجا)،اطروحة الدكتورا،جامعة جيلالي ليابس،كلية الاداب،قسم اللغة العربية وادابها،الجزائر،2019.
بوجمعة عويشة:العولمة والترجمة واثارها الاقتصادية،رسالة ماجستير،كلية الاداب،جامعة وهران،الجزائر،2013.
ميمونة مناصرية:هوية المجتمع المحلي في مواجهة العولمة.رسالة ماجستير.

-گوڤارەكان:
احمد ابو زيد:هل تقوم لغة عالمية واحدة؟،مجلة العربي،العدد(54)،يناير،2004.
احمد عبدالسلام:العولمة الثقافية اللغوية،مجلة مجمع اللغة،العدد(145)،2001.
السيد ياسين:صياغة الهوية وعولمة الخيال،مجلة جرش الثقافية،العدد(3)،تصدر عن جامعة الجرش الاهلية،خريف،2005.
قاسم عبده قاسم:هل يصبح العلم امة واحده؟(تاملات في العولمة)،مجلة العربي،العدد(533)،ابريل،2003.
محمد عابد الجابري:العولمة و الهوية الثقافية،مجلة المستقبل العربي،بيروت،1998.
جابر عصفور:النقد الادبي والهوية الثقافية،كتاب مجلة دبي،عدد(21)،فبراير،2009.
نورالدين زمام:عولمة الثقافة(المستحيل والممكن)،مجلة العلوم الانسانية ،العدد الاول،2001.
طلال عتريس:المناظرة حول العولمة،مجلة شوون الاوسط،العدد(71)،القاهرة،ابريل،1998.
د.مثنى مشعان المزروعي:العولمة الثقافية وصراع الهويات في المجتمعات العربية (دراسة جيو اعلامية)،العدد(115)،السنة 29،خريف،2012.
السيد نجم:الصورة والواقع والادب الافتراضي(مقال الكتروني)
**http://www.mediafire.om?5vzqhac,dz5**

ج-كتێب بە زمانی ئینگلیزی:
**Arnason,Johann p."Nationalism,Globalion and Mod ernity"in Globul Culture,edited by Fetherston1990.**
**Beck,Olrich,What is Globalization,Oxford:Blackwell,2000.**
**The language of Globalizatiok:Benjamin Keatinge**

الخلاصه

خص الحديث فى هذا البحث عن انعكاسات العولمة الثقافية ومحو الثقافة الفردية فى أشعار كل من الشاعرين (محسن قوجان و شكرى شهباز) للمدّة مابين السنوات (2010-2020). كما أن العولمة هى العملية التى تتواصل بها الانسانية بصيغة واحدة فى التعبير والدراسة والزيّ فضلا عن العادات والتقاليد، كما أن العولمة الثقافية عمل ثقافى يتفاعل مع الفرد والشعوب نفسها، فهى خطاب موجّه إلى العالم محتواه عدم إثارة الدعاية فى توسيع المجال الثقافى، بل يتضمن إلى اكمال التوازن الثقافى بين الشعوب، وهذا ما يحافظ على ثقافات الشعوب والاعتراف بها.

عُدّ محو الثقافة المحلية أداة ومضمونا للعولمة الثقافية، كما تعدّ ثقافة التكنولوجيا والألكترونيات أداة آخر لهذه المسألة، إذ تجعل البرامج والأراء والأفكار الأدبية تحت سيطرة ذاتية، وتظهر ملامح محو المقومات الثقافية الفردية جليا في مواضيع عدة في أشعار الشاعرين (محسن قوجان و شكرى شهباز)، مثل: سيطرة المواهب الفردية، مواجهة الثقافات، ضعف التربية الأسرية، خمولة المساعدة والإحترام و العديد من المواضيع الأخرى. كذلك سنتطرق في البحث إلى تلك التقنيات الفنية التي استخدمها الشاعران و كيفية تهميش الثقافات الإقليمية ومحاولة محو الهوية الوطنية الفردية.

***الكلمات المفتاحية:*** العولمة،العولمة الثقافية،طمس الثقافة الشخصية.

**CULTURAL GLOBALIZATION AND THE DELETION OF INDIVIDUAL CULTURE IN THE CONTEMPORARY KURDISH POETRY BAHDINAN REGION (2010-2020) MOHSEN QUCHAN AND SHUKRI SHAHBAZ AS EXAMPLES**

**H**AVEEN **S**AEED **K**HUDHER and **M**UHAMMAD **B**AKR **M**UHAMMAD
Dept. of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University, Kurdistan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**In this article, the reflection of cultural globalization and the deletion of individual culture in the poems of Mohsein Quchan and Shiyiukri Shiyeh between the period (2010-2020) has been mentioned. Globalization is a process of deliver the humanity in the same way of expression, education, dress and traditions. Cultural globalization is a cultural act which works on the individuals and the nations themselves, it is a speech that is addressed to the nations of the world, and its content does not advocate the expansion of culture. It also means the completion of the cultural balance among nations which protects the cultures of nations and acknowledge them as well.**

**The deletion of regional culture becomes a tool and the content of cultural globalization that are a technology and electronic culture are another one, which is to bring programs, thought, views, opinions, literature, methodology, critical, and methods under its control. Erasing the principles of individual culture in the poems of these two poets Mohsen Quchan and Shukri Shahbaz is found in several themes, such as the dominance of individual desires, and counterculture, weakening the family education, cooperation and respect systems, and several other topics. We also discuss the artistic techniques that are used and how regional cultures are marginalized as well as individual national identities are erased.**

***KEY WORDS:*** lexical phrases, the head, specifiers, complement, noun, preposition, adjective and verb